# راگەیاندنی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

خەبات وئیعترازی ماموٚستایانی مەدرەسەکان ئەوا هەر بە تاران قەتیس نەمایەوە و روٚژی سیٚشەممە زوٚریٚك لە شارەکان, وەك شیراز ، کرماشان، بوشەهر، مەلایر و خورەم ئاباد وهتد .... ریٚپیٚوان و کوٚبوونەوەی ئیعترازی موعەلیمینی بەخوٚیەوە بینی, هەروەها بەشیك لە خوٚیندکارانی مەدرەسەکانی تارانیش بە پشتیوانیی موعەلیمەکانیان رژانە خیابان و بیٚگومان ئەمە نیشانەی دەورەیەکیترە لە خەبات وئیعترازی موعەلیمان.

موعەلمین وخوێندکارانی کوردستان!

موعەلیمینی کوردستان وەك هەموو چین وتویٚژیٚکیتری کوٚمەڵ لە رژیمی جمهووری ئیسلامیدا نەتەنیا لە هەموو ئازادی یەك و لە هەموو مافیٚك بیٚبەش بوون, بەڵکوو بە هوٚی فەقر وفەلاکەتیٚك کە بە سەریاندا سەپاوە مەجبوورن بوٚ دابینکردنی بژیویان چەندین شوغڵیان هەبیت , کە ئەمە خوٚی چوٚنیەتی وئاستی فیٚر کردن وبارهیٚنانی بە شیٚوەیەکی بەرچاو هیٚناوەتە خواریٚ.

خوێندکارانی کوردستان لە ماوەی بیست وسیٚ ساڵ شوٚرشی کوردستاندا هیٚزیٚکی بزویٚنەرو چرایەکی روٚشنی شوٚرش بوون, جیٚگای خوٚیەتی کە لەم هەل ومەرجەشدا یەکگرتوو وهاودەنگ بوٚ دیفاع لە خەباتی موعەلیمان لە سەرانسەری ئیٚران, هیٚز و وزەی خوٚیان وەکار خەن و لەگەڵ خوٚیان قورسایی و هەستی خەباتکارانەی خەڵکی چەوساوەی کوردستان بوٚپشتیوانی لە داخوازی رەوای موعەلیمان بوٚ زیادکردنی مووچە و مانگانە, بە هەمووان نیشان بدەن.

بە کوٚبوونەوە و بریار دەرکردن یان مانگرتن لە بەر درگای فەرمانداری و ئوستانداریەکان لە سەر ماڤی رەوای خوٚتان وەجواب وەرن و لە هەمان کاتدا ئیجازە مەدەن هیچ کام لە باڵەکانی دەسەلاٚت ونویٚنەرانیان لەو خەباتە رەوایە بە قازانجی خوٚیان کەڵك وەرگرن. بیٚگومان خەڵکی شار ودیٚ لەهەموو کوردستان لە سەرتان وەجواب دیٚن وپشتیوانیتان لیٚدەکەن.

**کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**٤ی ریٚبەندانی ١٣٨٠ ی هەتاوی.**